نێچیرڤان بارزانی بەجیا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی یۆنان و سکرتێری گشتیی UN کۆبووەوە



ئەمڕۆ هەینی، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا، لەگەڵ کیریاکۆس میتسۆتاکیس، سەرۆك وەزیرانی یۆنان، کۆبووەوە.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە"لە کۆبوونەوەکەدا دەرفەتەکانی بەرەودان بە پەیوەندییەکانی یۆنان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەش، دۆخی ئەمنی و سیاسیی عێراق، پەیوەندییەکانی هەوڵێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، هەڕەشەی تیرۆر و مەترسییەکانی داعشیان لە ناوچەکە تاوتوێ کرد.

هەردوولا جەختیان لە خواستی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.

لەمبارەیەوە بەڕێز سەرۆك وەزیرانی یۆنان خواستی خۆی بۆ سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەربڕی، هەروەها بە وردی بیروڕایان دەربارەی مەترسیی دۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆییەوە و دووپاتیان کردەوە کە پێویستە ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە بپارێزرێت و ڕێگە نەدرێت شەڕ و ئاڵۆزییەکان لەوە زیاتر پەرە بستێنن.

لەلایەکی دیکەوە هەر ئەمڕۆ، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە میونشن لە

ئەمانیا لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆبوونەوە و دەربارەی دۆخی ئەمنیی و سیاسیی عێراق و ئاڵنگاری و مەترسییەکانی سەر ئارامی و سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە بەگشتی، گفتوگۆیان کرد.

هەردوولا هاوڕا بوون کە ئارامی و سەقامگیریی عێراق و هەرێمی کوردستان بێ تەواوی ناوچەکە گرنگە و دەبێ ئاسایش و سەروەریی عێراق پارێزراو بێت و هێگە نەدرێت عێراق بخزێتە نێو ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەوە. هەروەها جەختیان کردەوە کە لە کاتکدا ناوچەکە بە دۆخکی هەستیاری ئەمنیدا تێدەپەڕێت، دەبێ هەموان دان بە خۆیاندا بگرن و یارمەتیدەر بن بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە و پاراستنی سەقامگیری.
سەرۆك نێچیرڤان بارزانی ستایشی ئامادەیی و هێزی نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوکاری و یارمەتییەکانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و کار و چالاکییەکانی تیمی UNی لەگەڵ عێراق بەرز هەڵسەنگاند. لای خۆیەوە بەڕێز گۆتێرێس سوپاسی ئەرێنیی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەسەر پرسەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستاندا کرد.
دوایین پەرەسەندنەکانی گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پێویستیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەنزیکترین کاتی گونجاودا، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و شەڕ و باری مرۆیی لەغەزە، چەند باسکی دیکەی کۆبوونەکە بوون.

